

# بەياننامەی پشتيوانی

چين و توێژە جۆراوجۆرەكانی خەڵكی كوردستان!
هيواداران بە وەديهاتنی ئامانجەكانی پێشەوا قازی و د.قاسملوو و شەرەفكەندی!
رێكخراوە مەدەنی و دێموكراتيكەكان!
لاوانی دڵسۆزو نيشتمانپەروەر!
ئەندامان و لايەنگرانی يەكيەتيی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران!
ئاورێك لە مێژووی پڕ دەسكەوت و شانازيی يەكيەتيی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، لە سەرەتای دامەزرانی كۆماری كوردستانەوە تا ئێستا سەلمێنەری رۆڵی بەرچاوی ئەو رێكخراوەيەيە لە كۆكردنەوەی لاوانی بەهەست و نيشتمانپەروەری كورد لە دەوری بەرنامەيەكی پێشكەوتووانەو پشتيوانی لە بزووتنەوەی رەوای نەتەوەی كورددا.

ئەركی سەرەكی يەكيەتيی لاوان لە ماوەی زياتر لە ٦٠ ساڵی رابردوودا پێگەياندنی ئەم توێژە بووە لە بوارە جياجياكانی سياسی، فەرهەنگی و هتد و، ئاشناكردنيان بە مافە زەوتكراوەكانی نەتەوەكەمان و هاندانيان بۆ پاراستنی كەرامەتی ئينسانی و نەتەوەيی. ئەم رێكخراوە بە تێپەڕكردنی هەوراز و نشێوەكانی سەر رێگەی بزووتنەوەی رزگاريخوازيی كورد، ئێستا وەك رێكخراوێكی خاوەن تواناو پوتانسيەل و پرستيژ لە نێو NGO كوردستانی و ئوروپاييەكان دا ناسراوە، كە ئەوەش بەرهەمی خەبات و تێكۆشانی هەزاران لاوی دڵسۆز لە قۆناغە جياوازەكانی مێژووی يەكيەتيی لاوان دايە.

يەكيەتيی لاوانی دێموكراتی كوردستان، يادگاری كۆماری كوردستان و پێشەوای مەزن، يەكەم سەنگەری خەباتی رێبەری بەناوبانگ و لێوەشاوەمان شەهيد دوكتور قاسملوويەو، تابلۆی رێبازو مێژووەكەی بە خوێنی شەهيدانی وەك: وريا رەحمانی، خاليد شاتری، رەزا كەريمی، حەسەن زوودی فەڕ، برايم سالك (سياوش)، فەتاح عەبدولی، رەحمان سۆفی زادە، ساماڵ ئيسماعيل زادە، ئەبوبەكر كانی رەشی و دەيان شەهيدی نەمری نەتەوەی كورد نەخشاوەو لە ژێر ساباتی رێنوێنیيەكانی حيزبی دێموكراتی كوردستان دا شانازيی ئەم خەباتە پشوودرێژەی پێ براوەو هەر ئەو هاوخەباتييەش كردوويەتە رێكخراوێكی جێی رێزو متمانەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان.

بەڵام حيزبی رێنوێن و پشتيوانی ئەم رێكخراوە لە مێژينەی لاوانی كوردستان، بە داخەوە لە ئاكامی درێژەی پاوانخوازيی

زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەدا سەرئەنجام بە ڕەسمی دوو کەرتبوونی بە سەردا سەپا.

ئێمە داخ و کەسەری خۆمان بۆ بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی تێکۆشەران و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و مێعمارانی وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیمۆکڕات، بۆ گەڕاندنەوەی یەکریزی بۆ نێو حیزب لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە، دەردەبڕین. ئێمە هەرچەند لایەك لە کێشە نێوخۆییەکانی حیزب نەبووین و لە چوارچێوەی سەربەخۆیی ڕێکخراوەییمان دا تێکۆشانمان هەبووە، بەڵام بەداخەوە لە دوای کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانەوە ڕێکخراوەکەمان لە لایەن زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە کەوتە بەر دەستێوەردانی ناڕەواو و بە دوور لە پڕنسیپە دێمۆکڕاتیکەکانی حیزبی دێمۆکڕات و بە پێشێل کردنی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوان و بە مەبەستی پاوانکردنی یەکیەتیی لاوان، ڕێکخراوەکەمانیان بەرەو ئاڵۆزی و پشێوی و دووبەرەکی و لە ئاکام دا دوو لەت بوون برد. پێکهێنانی یەك لایەنەی بەناو کۆنفرانسەکانی لاوان لە دانمارك، سوئێدو فەنلاند و بڕیاری لابردنی سکرتێری لاوان لە لایەن ئەندامانی دەفتەر سیاسی سەر بەو باڵە هەوڵێك لەو ڕاستایەدا بوو.

ئێستا کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دێمۆکڕات تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆی جیا لە قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێ کردوە، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستان وێڕای ڕێزنان لە هەوڵەکانی پێشووی بۆ داکۆکی لە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی یەکیەتیی لاوان، ڕادەگەیەنێ دڵگەرم بە ڕێنوێنیی و هاوکاریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ـ ئێران، بە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی هەرچی زیاترەوە بۆ خۆ نۆژەنکردنەوە و چالاکتر کردنی کۆمیتەکانی هەنگاو دەنێ و لە پێناو وەدیهێنانی ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەمان، بە پشتیوانی لاوانی وشیاری کورد بە هێزو گوڕێکی نوێوە و لە پانتاییەکی بەربڵاودا، درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا .

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لە هەڵوێستی ٢٠٠٦/١٢/٦ی زایینیی کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕادەگەیەنێ و لاوان دڵنیا دەکاتەوە کە ئەو هەڵوێستە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی حیزبی دێمۆکڕات و، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕات پشت ئەستوور بە هاوکاری و ڕێنوێنیی ئەم حیزبە و تێکۆشانی هەزاران ئەندام لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەرەو ئامانجەکانی هەنگاو دەنێ

**.کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی**
**لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران**
**سکرتێری گشتی**
**ڕەحمان سەلیمی**
**17/9/1385ی هەتاوی**
**٢٠٠٦/١٢/٨ی زایینی**